لە ساڵیادی ئەنفالدا...مەشهەدانی: پەرلەمان هەمیشە بەپاڵپشتیکەری دادپەروەری دەمێنێتەوە

سەرۆکی پەرلەمانی عێراق پەیامێکی لە ساڵیادی ئەنفالکردنی بارزانییەکان بڵاو کردەوە و تێیدا ئاماژەی پێداوە، ئەم تاوانە یەکێکە لە تاوانە قێزەونەکان کە مێژووی عێراق بە خۆیەوەی بینیوە و پێکهاتەکانی ڕەسەنی ئەو نیشتمانەی بە ئامانج گرتووە.

پێنجشەممە، 31ـی تەمموزی 2025، مەحموود مەشهەدانی، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق پەیامێکی لە ساڵیادی ئەنفالکردنی بارزانییەکان بڵاو کردەوە و تێیدا ئاماژەی پێداوە، کۆمەڵکوژکردن و جینۆسایدکردنی بارزانییەکان و بە ئامانجگرتنیان ستەم و دەستدرێژیکردنە دژ بە پێکهاتەیەکی ڕەسەن و دێرینی ئەم نیشتمانە.

مەحموود مەشهەدانی لە پەیامەکەیدا کە ئاراستەی هەر یەک لە سەرۆک بارزانی، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسرور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستانی کردووە دەڵێت، لەم ڕۆژانەدا بە دڵێکی بە ئازارەوە یادی ئەم کۆمەڵکوژییە دڕندانەیە لە دژی بارزانییە بێتاوانەکان دەکەینەوە، کە دیارە هەڵمەتەکانی ئەنفالی

بارزانییەکان ڕەوایەتیدانێکی نائەخلاقییە بۆ ڕشتنی خوێنی مرۆڤ و هیچ پاساوێکی نییە و تاوانێکی وەهایە، کە مێژووی عێراقی نوێ لێی نابوورێت.

سەرۆکی پەرلەمانی عێراق وتووشیەتی، ئەوەی بەرانبەر بە بارزانییەکان کرا، ئەوپەڕی بێویژدانی بوو، دژ بە کۆمەڵەیەکی نیشتمانی بۆ لەناوبردنیان و دوورخستنەوەی زۆرەملێ و سڕینەوەی ناسنامەکەیان، کە دیارە کۆمەڵکوژکردنی بارزانییەکان برینێکە و بۆ هەمیشە لە یادەوەریی عێراقییەکان دەمێنێتەوە و گەواهیدەری سەردەمێکی ڕەشە لە چەوسانەوە و ستەم و سەرکوتکردن، کە نابێت دووبارە ببێتەوە.